

MARKETING
4.0
Moving
from Traditional
to Digital
PHILIP KOTLER
HERMAWAN KARTAJAYA
IWAN SETIAWAN

## پوختەی کتێبی بازاڕکردنی ٤.٠

**بازاڕکردنی ٤.٠**
**گۆڕان لە بازاڕکردنی کۆنەوە بۆ بازاڕکردنی دیجیتاڵی**
نووسەر: فیلیپ کۆتلەر
ژمارەی لاپەڕە: ١٨٤

**دەربارەی نووسەر**
فیلیپ کۆتلەر مامۆستای نێودەوڵەتیی بازاڕکردنە لە قوتابخانەی بەڕێوەبردنی کێلۆگ لە زانکۆی نۆرسوێستەرن.
ڕۆژنامەی واڵ ستریت جۆرناڵ وەک یەکێک لە شەش بیرمەندە هەرە کاریگەرەکانی بواری کار ناوی بردووە.
هێرماوان کارتاجایا دامەزرێنەری "مارکپڵس"ە (کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاریی بازاڕکردن لە ئەندەنوسیا) و ئیوان سێتیاوان سەرنووسەری گۆڤاری "مارکێتینگ پرێس" و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری باڵایە.

**خاڵە گرنگەکانی کتێبەکە**

- تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی، بازاڕکردنی گۆڕیوە؛ لە شێوازێکی داخراو و تاکەکەسییەوە بۆ شێوازێکی کراوە، گشتی و کۆمەڵایەتی.
- ئەوانەی کاری بازاڕکردن دەکەن، ڕووبەڕووی سێ کێشەی سەرەکی بوونەتەوە: کڕینی ئۆنلاین بەرامبەر کڕین لە دوکان؛ کڕیاری زیرەک بەرامبەر کڕیاری سەرلێشێواو؛ و لایەنگری باش بەرامبەر لایەنگری خراپ.
- گەنجان، ژنان، و ئەوانەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، بەنرخترین لایەنگری هەر براندێکن.
- مۆدێلی بازاڕکردنی ٤.٠، سیفاتی مرۆڤانە دەبەخشێتە هەر براندێک.
- شێوازی کۆنی بازاڕکردن کە پشتی بە "بەرهەم، نرخ، شوێن، و ڕیکلام" دەبەست، گۆڕاوە بۆ بازاڕکردنێک کە پشتی بە "بەشداری، مامەڵەی پارە، جووڵەی کۆمەڵایەتی، و گفتوگۆ" بەستووە.
- ڕێگای کڕینی کڕیارە نوێیەکان پێنج قۆناغی هەیە: ئاگاداربوون لە بەرهەم، سەرنجراکێشران بۆی، پرسیارکردن دەربارەی، دەستکردن بە کڕین، و بوون بە لایەنگری براندەکە.
- خەڵکی بوارە جیاوازەکان، بە چوار شێوازی جیاواز ئەم پێنج قۆناغە تێدەپەڕێنن:
- کڕیارە "دەستگیرە"کان شتی ئاشنا و هاوشێوە دەکڕن، زۆر ناگەڕێن و بە دەگمەن دەبنە لایەنگری جددیی براندێک.
- کڕیارە "قیف" ئاساکان زۆر پابەندی ئەو پێنج قۆناغەن. کڕیارە بازرگانەکان بەپێی مۆدێلی "ماسیی زێڕین" زۆر دەکۆڵنەوە. کڕیارە "ترۆمپێت" ئاساکان متمانەیان بە براندە گرانبەهاکان هەیە.
- بازاڕکردنی فرەکەناڵ ئەزموونێکی کڕینی یەکگرتوو لە ئۆنلاین و ئۆفلاین بۆ کڕیار دروست دەکات.

**لەم پوختەیەدا چی فێر دەبیت؟**
١ .تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی چۆن دنیابینیی کڕیاری گۆڕیوە.
٢ .بازاڕکەران چۆن دەتوانن ئەو سێ کێشە و ناکۆکییەی کڕیاران هەیانە، بەڕێوەی ببەن.
٣ .بۆچی تەکنیکە کۆنەکانی بازاڕکردن ئیتر وەک جاران کاریگەر نین.
٤ .چۆن براندەکەت لەم سەردەمە دیجیتاڵییەدا بە خەڵک بناسێنیت.

تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و پەیوەندییە بەرفراوانەکان ڕەفتاری کڕیاریان گۆڕیوە. فیلیپ کۆتلەر، باوکی بازاڕکردنی مۆدێرن، و هاوکارەکانی، چوارچێوەیەکی نوێیان بۆ بازاڕکردن لەم سەردەمەدا داڕشتووە. ئەوان باسی ڕەوتە نوێیەکان دەکەن، شێوازی نوێی کڕینی کڕیاران ڕوون دەکەنەوە، و ستراتیژی نوێ بۆ ڕاکێشانی کڕیار و هێشتنەوەیان پێشکەش دەکەن.
هەروەها، باس لەوە دەکەن چۆن شێوازە ئۆنلاین و ئۆفلاینەکان ئەزموونی کڕیار باشتر دەکەن و وایان لێدەکەن ببنە لایەنگری سەرسەختی براندەکە. بازاڕکەرانی شارەزا لەگەڵ زۆربەی ئەم بنەمایانەدا ئاشنان؛ بەڵام دەتوانن بیرۆکەی نوێ و بەنرخ بۆ بەکارهێنانیان وەربگرن. "مدیر سبز" ئەم کتێبە بە سەرەتایەکی نایاب دادەنێت بۆ چوونە ناو بابەتی بازاڕکردنی دیجیتاڵییەوە.

**لە بازاڕکردنی ٣.٠ بۆ ٤.٠**

لەوەتەی ئینتەرنێت کار و کاسبییەکانی گەورەتر و گشتیتر کردووە، پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان وایان کردووە کە کاڵای بەکاربردن بۆ خەڵکی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکان ئاسانتر و هەرزانتر بێت. پێچەوانەکەشی ڕاستە: ئەو بەرهەمانەی کە بۆ بازاڕە گەشەسەندووەکان دروست دەکرێن) وەک ئامێری پشکنینی دڵی کۆرپەلەی گەڕۆکی GE کە بۆ گوندەکانی هیندستان دروست کرابوو (دواتر لە بازاڕە بەناوبانگەکانی جیهانیشدا بەکاردەهێنرێن.

کۆمپانیاکانیش ڕێرەوی بەرهەمەکانیان لە شێوازی ستوونییەوە (داخراو) بۆ ئاسۆیی (کراوە) گۆڕیوە و ئێستا لەجیاتی ئەوەی هەموو شتێک خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، لە بوارەکانی گەشەپێدان، بەرهەمهێنان و دابەشکردندا هاوکاریی یەکتر دەکەن؛ بۆ نموونە، کۆمپانیای P&G پەیوەندیی لەگەڵ داهێنەرە بیانییەکاندا دروست کردووە و لە گەشەپێدانی بەرهەمەکانیدا سوودیان لێ وەردەگرێت.

نەوەی "نەتەوە دیجیتاڵییەکان"، واتە ئەو نەوەیەی کە لەگەڵ تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیدا گەورە بووە، سەرقاڵی گۆڕینی شێوازە باوەکانە؛ وەک کات و شوێنی کڕینی خەڵک. کڕیارە نوێیەکان گەنجن، لە شار دەژین، لە چینی ناوەندن، گەڕۆکن و هەمیشە لەسەر هێڵن، و بەپێی بەرنامە و حەزی خۆیان شت دەکڕن. تەنانەت کاتێک لە شوێنێکی فیزیکیشدا شت دەکڕن، بە ئۆنلاین بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن. ئەوان بەهای زۆر بۆ قسەکردن و بەشداریکردن دادەنێن و متمانەیان بە تۆڕ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە. خەڵک ئێستا زیاتر متمانەی بە هۆکاری "F" هەیە، واتە **Friends** (هاوڕێیان)، **Family** (خێزان)، **Facebook Fans** (هەوادارانی فەیسبووک) و **Followers** (فۆڵۆوەرەکان) وەک لە پەیامەکانی بازاڕکردن.

پیشەسازییە کۆنەکان بە کەمبوونەوەی بەربەستەکان، ڕووبەڕووی سێ جۆر پەیوەندیی تەکنەلۆژی دەبنەوە: "پەیوەندیی مۆبایلی" گرنگترینیانە. "پەیوەندیی ئەزموونی" کاتێک دروست دەبێت کە بازاڕکەران بۆ باشترکردنی ئەزموونی کڕیار سوود لە وێب وەردەگرن، و "پەیوەندیی کۆمەڵایەتی" بەرزترین ئاستی پەیوەندییە کە کۆمەڵگاکانی کڕیاران فراوان دەکات.

**سێ ناکۆکی (دژیەکی)**

بازاڕکەرانی ئەم سەردەمە دەبێت سێ کێشە یان ناکۆکی بەڕێوە ببەن:

١. **کارلێکی ئۆنلاین لەجیاتی ئۆفلاین**. کارە ئۆنلاینەکان دەتوانن ڕۆژ بە ڕۆژ پشکی زیاتر لە هەموو فرۆشەکان وەربگرن؛ بەڵام ناتوانن کارە ئۆفلاینەکان (دوکانەکان) بە تەواوی لەناو ببەن.

بۆ نموونە، کۆمپانیای ئۆنلاینی جوانکاریی بێرچبۆکس، دوکانێکی فیزیکی کردەوە تاکوو لە نزیکەوە لەگەڵ کڕیارەکانی قسە بکات. دوکانە فیزیکییەکانی وەک زنجیرەی "مەیسیز" بۆ باشترکردنی ئەزموونی کڕیار، سوود لە ئەپی ئایفۆن و تەکنەلۆژیای بازاڕکردنی شوێن-بنەما وەردەگرن. بازاڕکەران دەبێت ئەزموونێک بۆ کڕیار دروست بکەن کە هەم کڕینی ئۆنلاین و هەم ئۆفلاین پێکەوە گرێ بدات.

٢. **کڕیاری ئاگا لەجیاتی کڕیاری سەرپەرش**. پەیامەکانی بازاڕکردن، بۆچوونی خەڵکی تر، زانیاری و ئەزموونی کەسی، هەموویان کاریگەرییان لەسەر بڕیاری کڕینی کڕیار هەیە. ئێستا قسەی خەڵک زیاتر لە هەر کاتێکی تر بەها و باوەڕی هەیە؛ بەڵام وابەستەیی بە ئامێرە دیجیتاڵییەکانەوە سەرنجی کڕیاران تێکدەدات و ڕێگرە لە تەرکیزیان؛ بۆیە، پێیان باشترە ئەو شتانە هەڵبژێرن کە زۆرینەی خەڵک حەزیان لێیە. بازاڕکەران دەبێت سەرنجی خەڵک ڕابکێشن و لە گفتوگۆکانی کڕیارانی براندەکەیاندا بەشدار بن.

٣. **لایەنگریی ئەرێنی لەجیاتی لایەنگریی نەرێنی**. پەیوەندییەکان، دەنگی لایەنگران و نەیارانی براند بەهێز دەکات. براندەکان پێویستیان بە ژاوەژاوی ئەرێنی و نەرێنی هەیە. لایەنگریی ئەرێنی بەبێ بوونی بۆچوونی دژ، بێ کاریگەرە.

**لایەنگرانی نوێی براندەکان**

گەنجان، ژنان و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەنرخترین لایەنگری هەر براندێکن. گەنجان یەکەم کەسانێکن کە مۆسیقا، مۆدە و شێوازە کولتوورییە نوێیەکان تاقی دەکەنەوە و لەگەڵیاندا ڕادێن. ئەوان گۆڕانکارییە جیهانییەکان هەست پێدەکەن و بە لێهاتووییەکی باشتر لە کڕیارە کۆنەکان کاردانەوەیان بۆی هەیە. ژنانیش وەک بەڕێوەبەری ماڵ زۆربەی کات بڕیارەکانی کڕین دەدەن. ئەوان پێش کڕین زانیاری کۆدەکەنەوە، بە ئۆنلاین لێکۆڵینەوە دەکەن، دوکانە جیاوازەکان بەراورد دەکەن و پرسیار لە دۆست و ناسیاوانیان دەکەن. ژنان کڕیارێکی گشتگیرن کە پێش کڕین، هەموو لایەنەکانی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکە لەبەرچاو دەگرن. بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت باوەڕێکی پتەویان بە ئینتەرنێت هەیە و

عاشقی پەیوەندیی ئازاد، بەشداریکردن و ڕوونن. ئەوان بە دروستکردنی ناوەڕۆک، نووسینی کۆمێنت، تاگکردنی پەیجە جیاوازەکان و چالاکی وەک پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، لە ڕەوتە ئۆنلاینەکاندا بەشدار دەبن.

**لە چوار بنەما کۆنەکەوە بۆ چوار بنەمای نوێی بازاڕکردن**
ئابووریی دیجیتاڵی شێوازە کۆنەکانی بازاڕکردنی گۆڕیوە. کاتی خۆی کارەکان پەیوەندییەکی ستوونی (داخراو)یان لەگەڵ کڕیارەکانیاندا هەبوو و بازاڕکەران دەیانتوانی بازارەکان دابەش بکەن و بۆ هەریەکەیان پەیامی تایبەت بنێرن. لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، گرووپەکان جێگەی دابەشکارییەکانیان گرتوتەوە. ئێستا براندەکان بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکانی تایبەت بە خۆیاندا ئامادە بن، دەبێت مۆڵەت وەربگرن. وتەبێژانی براندەکان دەبێت تایبەتمەندیی براندەکەیان بناسن و پابەندی بەهاکانی بن.

چوار بنەما کۆنەکەی بازاڕکردن واتە **خەڵک، نرخ، شوێن، و ڕیکلام** گۆڕدراون بۆ چوار بنەمای نوێ واتە **بەشداری، سووڕی پارە، جووڵەی کۆمەڵایەتی، و گفتوگۆ**. کڕیاران خێراتر لە گەشەپێدانی بەرهەمدا بەشدار دەبن. نرخ دانان گۆڕاوترە؛ چونکە لەسەر بنەمای شیکاریی داتای زۆر ئەنجام دەدرێت. پەیوەندییە نزیکەکان وادەکەن کڕیاران بتوانن لە ئابوورییەکی هاوبەشدا بەشدار بن کە کۆمپانیاکانی وەک ئوبەر، زیپکار و ئێربیئێنبی پێشەنگین. ڕیکلام پێویستی بە گفتوگۆی دوولایەنە و سیستەمی هەڵسەنگاندنی کڕیاران هەیە. کڕیاران چاوەڕێ دەکەن براندەکان گوێ لە تێبینی، پێشنیار و نیگەرانییەکانیان بگرن و کاردانەوەیەکی هاوسۆزانە نیشان بدەن.

**ناسینەوەی شێوازی کڕینی خەڵک**
قیفی فرۆشتنی کۆن، مۆدێلێکی ڕەفتاری کڕیارە کە چوار قۆناغی هەیە: بەدەستهێنانی ئاگایی، بەدەستهێنانی تێگەیشتن، کڕین و کڕینی دووبارە. ئێستا لە سەردەمی پەیوەندییەکاندا، ڕێڕەوی کڕین پێنج قۆناغی هەیە:
١ .**ئاگاداربوون :**کڕیاران بە یارمەتیی بازاڕکردن، ئەزموونی کەسی یان پێشنیاری خەڵکی تر، لە بوونی براندێک ئاگا دەبنەوە.
٢ .**سەرنجڕاکێشی :**سەرنجڕاکێشترین براندەکان دێنە پێشەوە.
٣ .**پرسیارکردن :**کڕیاران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە وتارەکان، لە میدیا یان لە براندەکەی تودا بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن.
٤ .**کردارکردن (کڕین) :**کڕیاران بژاردەکانیان لەسەر بنەمای زانیارییەکان هەڵدەبژێرن، ئەوەی حەزیان لێیە دەکڕن و بەکاریدەهێنن.
٥ .**لایەنگری :**خەڵک براندە باشەکان هەڵدەبژێرن و دووبارە لێیان دەکڕن. پرسیارێک یان بۆچوونێکی نەرێنی یەکسەر لایەنگرانی براند هان دەدات کە لەبەرچاوی گشتیدا بەرگری لە براندەکەیان بکەن.

ئەم پێنج قۆناغە هەمیشە بە ڕیزبەندی ڕوونادەن. ڕەنگە کڕیاران چەندین جار لە قۆناغە جیاوازەکاندا هاتوچۆ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ هەنگاوەکانی پێشوو. بازاڕکەران دەبێت لە سێ ناوچەی کاریگەریدا کار بکەن کە بە ناوچەی "ئۆ (O) " (Zone)ناودەبرێت. یەکەم ناوچە "کاریگەریی دەرەکی"یە کە ڕیکلام و خزمەتگوزاریی کڕیاران دەگرێتەوە. دووەم ناوچە "کاریگەریی ئەوانی تر"ە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی براندەکەیە، وەک کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، قسەی خەڵک و هەڵسەنگاندنەکان. سێیەم ناوچە "کاریگەریی خۆت"ە، کە لەسەر بنەمای زانست و ئەزموونی کەسیی خۆت کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دادەنێیت.

**ناساندنی پار (ڕێژەی کڕین) و بار (ڕێژەی لایەنگری)**
هەڵسەنگاندنی کاریگەریی "تاکتیکەکانی بازاڕکردنی پێنج قۆناغی" پێویستی بە پێوەری نوێ هەیە. "پار" یان **ڕێژەی کردارکردن بۆ کڕین(Purchase Action Ratio)** ، ڕێژەی ئەو کەسانە دەپێوێت کە لە بوونی براندێک ئاگان و لێی دەکڕن. "بار" یان **ڕێژەی لایەنگریکردن لە براند(Brand Advocacy Ratio)** ، ڕێژەی ئەو کڕیارانەیە کە دەبنە لایەنگری جددیی براند.

ئەم دوو پێوەرە پێکەوە نیشاندەری بەرهەمداری و ئەنجامی ئەو خەرجییەن کە بۆ ناساندنی براند کراوە. ئەگەر خەڵک لە بوونی براندێک ئاگا بن؛ بەڵام لێی نەکڕن، ئەم براندە کێشەی "ڕاکێشان"ی هەیە.

**نموونەکانی پیشەسازی**
کڕیارانی پیشەسازییە جیاوازەکان ئەم پێنج قۆناغە بەپێی چوار شێواز ئەنجام دەدەن:
١ .**دەستگیرە :**ئەم کڕیارانە بەبێ کنجکاوی یان لێکۆڵینەوەی زۆر، کڕینی بەردەوام و هەرزان دەکەن. ئەوان دەست بە براندە ناسراوەکانەوە دەگرن؛ بەڵام بە دەگمەن دەبنە لایەنگری جددیی ئەم براندانە. براندەکان بە ڕیکلام و بەرنامەی

وەک کارتی دیاری، کڕیاران بە خۆیانەوە وەفادار دەکەن.
٢ .**ماسیی زێڕین :**لە مۆدێلی مامەڵەی کار بە کاردا، کڕیاران پێش کڕین لەبارەی بژاردەکانیانەوە لێکۆڵینەوە دەکەن.
٣ .**ترۆمپێت :**ئەم جۆرە کڕیارە عاشقی شێوازی ژیان و براندە لوکسەکانی وەک ئۆتۆمبێلی نوێترین مۆدێل، جانتای گرانبەها و جەواهراتن. قسەی خەڵک و ڕیکلامی دەم بە دەم کاریگەریی لەسەر ئەم گرووپە هەیە.
٤ .**قیف :**ئەم کڕیارانە ڕێڕەوی تەقلیدی و پێنج قۆناغیی کڕین دەگرنەبەر. بۆ ڕاکێشانیان، دەبێت لە هەر پەیوەندییەکدا ئەزموونێکی ئارام و ئەرێنییان بۆ دروست بکرێت.

**مرۆڤاندنی براند**

براندە مرۆڤ-تەوەرەکان پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ کڕیاراندا دروست دەکەن؛ بۆ نموونە دوو براندی "بادی شۆپ" و "تێسلا" ئەرکی کۆمەڵایەتییان بۆ خۆیان دیاری کردووە. هەندێک براند شێوازێکی ژیانی تایبەت ڕیکلام دەکەن؛ وەک دۆشەکەکانی "کاسپەر". کڕیاران بەدوای ئەو براندانەدان کە خزمەتگوزاریی تایبەت پێشکەش دەکەن. بازاڕکردنی مرۆڤ-تەوەر، تایبەتمەندیی مرۆیی بە براندەکان دەدات. بۆ تێگەیشتن لە ئاوات و نیگەرانییەکانی کڕیاران لە "مرۆڤناسیی دیجیتاڵی" و "گوێگرتنی کۆمەڵایەتی" سوود وەربگرە تاکوو بزانیت خەڵک لەسەر ئینتەرنێت لەبارەی براندەکەتەوە چی دەڵێن. "نێت-نۆگرافی"ش وەک "گوێگرتنی کۆمەڵایەتی"یە و تایبەتمەندیی ئەو کەسانە دیاری دەکات کە لە کۆمەڵگە ئۆنلاینەکاندا لەبارەی براندەکەتەوە گفتوگۆ دەکەن. "لێکۆڵینەوەی هاوسۆزانە" هەوڵ دەدات پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایانەدا دروست بکات و لە ڕێگەی چاودێری و چاوپێکەوتنەوە تێگەیشتنێک لەبارەی بیرکردنەوە و هاوسۆزیی خەڵکەوە بەدەست بهێنێت.

بازاڕکردنی مرۆڤ-تەوەر بۆ سەرنجڕاکێشکردنی براندەکان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا زۆر گرنگە؛ چونکە ئەو براندانەی کە تایبەتمەندیی مرۆییان هەیە زیاتر لەوانی تر دیار و جیاوازن. لە شەش بواردا لایەنی مرۆیی بە براندەکەت بدە. براند دەبێت لە ڕووی فیزیایی، عەقڵانی، کۆمەڵایەتی، هەستی، بەرپرسیار و ئەخلاقییەوە سەرنجڕاکێش بێت.
سەرنجڕاکێشیی فیزیایی براند بە لۆگۆی جوان، پاکێجی جوان و دیزاینی گونجاو دابین بکە. لایەنی عەقڵانیی بە داهێنان نیشان بدە. براندە کۆمەڵایەتییەکان گفتوگۆی بەسوودیان لەگەڵ کڕیاراندا هەیە. لایەنی هەستیی براندەکەت بە پەیامی ئیلهامبەخش نیشان بدە، هەروەک چۆن براندی جوانکاریی "داڤ" ژنانی هان دەدا خۆیان وەک چۆنن قبوڵ بکەن.
براندێکی بەرپرسیار دەزانێت نوێنەری چ بیرکردنەوەیەکە، وەک براندی "پاتاگۆنیا" کە بەرپرسیارێتیی ژینگەیی بۆ خۆی دیاری کردووە. ئەخلاقی بوونی براند پەیوەستە بە گرنگیدانی تایبەت بە بەهاکانەوە.

**بازاڕکردنی ناوەڕۆک**

بە بەکارهێنانی ئەم هەشت هەنگاوە، ناوەڕۆکی پەیوەندیدار و سەرنجڕاکێش بۆ کڕیاران دروست بکە و بڵاوی بکەرەوە. پێش چوونە هەنگاوی دواتر، هەنگاوی پێشوو دڵنیا بکەرەوە:
١ .**ئامانج دانان :**ئامانجت لە دروستکردنی ناوەڕۆک بە وردی دیاری بکە.
٢ .**نەخشەی بینەران :**جۆرە جیاوازەکانی کڕیارەکانت دیاری بکە.
٣ .**بیرۆکە و پلاندانان :**پەیوەندیی ناوەڕۆکەکەت لەگەڵ بینەری مەبەستدا لەبەرچاو بگرە و ببینە کەسایەتیی براندەکەت چۆن دەردەخات.
٤ .**دروستکردنی ناوەڕۆک :**بودجەیەک دابنێ و کەسانی پیشەگەر بەکرێ بگرە تاکوو بەردەوام ناوەڕۆکی بەکوالێتی و ڕەسەن دروست بکەن.
٥ .**دابەشکردنی ناوەڕۆک :**کەناڵە گونجاوەکانی دابەشکردن دیاری بکە، وەک "میدیای کەسی، پارەدار، و بەدەستهاتوو". میدیای کەسی وێبسایت یان هەواڵنامەی کۆمپانیاکەتە. میدیای پارەدار ئەو ڕیکلامانەیە کە دەیکڕیت. میدیای بەدەستهاتوو ئەو ناوبانگەیە کە بە هاوبەشیکردنی ناوەڕۆکەکەت لەلایەن خەڵکەوە بەدەستی دەهێنیت یان کاتێک میدیاکان باسی براندەکەت دەکەن.
٦ .**دیارکردنی ناوەڕۆک :**ئەو کەناڵانە (وەک بلۆگەر و ئینفلوێنسەر) دیاری بکە کە کاریگەرییان لەسەر پیشەسازییەکەت هەیە و دەتوانن پشتیوانت بن یان ناوەڕۆکەکەت بڵاو بکەنەوە.
٧ .**هەڵسەنگاندنی بازاڕکردنی ناوەڕۆک :**سەرکەوتنی ستراتیژییەکەت لە گەیشتن بە ئامانجەکان هەڵسەنگێنە.
٨ .**باشترکردنی بازاڕکردنی ناوەڕۆک :**پێوەرە وردەکان دەرفەتێکی باش بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتی ناوەڕۆک، شێوەی ناوەڕۆک و کەناڵەکانی دابەشکردن فەراهەم دەکەن.

**بازاڕکردنی فرەکەناڵی و گەیمیفیکەیشن (یاریکردن)**

ئەمڕۆ، کڕیاران بایەخ بەوە نادەن لە کام کەناڵ شت دەکڕن، گرنگ ئەوەیە ئەزموونەکەیان باش بێت.

ڕەنگە لە یەک کاتدا هەم بە ئۆنلاین و هەم بە ئۆفلاین شت بکڕن. لە "نمایشی فیزیکی"دا، کڕیار ڕیکلامێک لە تەلەفزیۆن دەبینێت، لە دوکانێکی ناوچەکەدا لەبارەیەوە پرسیار دەکات و بە نرخێکی گونجاوتر بە ئۆنلاین دەیکڕێت. لە "نمایشی ئینتەرنێتی"دا، کەسێک بەرهەمێک بە ئۆنلاین دەبینێت، نرخەکەی بەراورد دەکات و لە دوکانێکی ناوچەکە دەیکڕێت. بازاڕکەران دەبێت دڵنیا بن کە لە هەر بەرکەوتنێک لەگەڵ کڕیاردا (دیجیتاڵی یان فیزیکی) ئەزموونی ئەو باشتر دەکەن. بە تێکەڵکردنی چەند کەناڵێک پێکەوە دەوترێت "بازاڕکردنی فرەکەناڵی."

زۆرێک لە براندەکان بۆ دروستکردنی ناوەڕۆک، ئاسانکاری بۆ کڕیار و دەستگەیشتن بە زانیاریی هەژمارەکانیان، سوود لە ئەپی مۆبایل وەردەگرن. ئەپی براندەکەی تۆ دەتوانێت بەشێک بێت لە ئەزموونی بەرهەمەکە؛ بۆ نموونە، خاوەن ئۆتۆمبێلەکانی BMW دەتوانن بۆ کردنەوەی قوفڵی ئۆتۆمبێلەکانیان سوود لە ئەپێک لەسەر مۆبایلە زیرەکەکانیان وەربگرن. نوێنەرانی ئەم براندە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن، بەدواداچوون بۆ گفتوگۆ ئۆنلاینەکانی کڕیاران دەکەن، تێیاندا بەشدار دەبن و وەڵامی سکاڵاکان دەدەنەوە.

گەیمیفیکەیشن (یاریکردن)، بەشداریی کڕیاران زیاد دەکات و هانیان دەدات بۆ ڕەفتاری خوازراو. بەرنامەکانی وەفاداری وەک خەڵاتی هێڵە ئاسمانییەکان بۆ ئەو کڕیارانەی کە مەودایەکی دیاریکراو دەبڕن، جۆرێکە لە گەیمیفیکەیشن. یەکێک لە نموونە نوێیەکان، بەرنامەی سایتی "تریپ ئەدڤایزەر"ە کە بە پێدانی نیشانەی شانازی بە بەکارهێنەران، هانیان دەدات بۆ نووسینی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن.